تێکستی

# بوون ئاوێنەو

# خودا نور

نوسینی

محمد چیا

٢٠١١

muhammadhamasaied@gmail.com

- ناوی کتێب/ بوون ئاوێنەو خودا نور
- نوسینی/ محمد چیا
- نۆبەی چاپ/ چاپی یەکەم
- چاپی یەکەم/٢٠١١
- چاپی دووەم/٢٠١٩
- شوێنی چاپ/ سلێمانی
- ژمارەی سپاردن/

* مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە.

۞ منم لەبەردەستدایە ئەمەی ۞ بمخوێنەرەوە﴿
بەووردی تێڕامێنە ۞ لەمن دەگەیت ۞ ئەوجا سەرسام
دەبیت و وەحشەت دەتگرێت ۞ ئیدی وەك ئەوەی سەیری
حەوزێکی روون و مەنگ بکەیت لەمندا خۆت
دەبینیتەوە ۞ تۆ دەبیت بەمن ۞ هەردووکمان دەبینەوە
بەیەك ۞ وەك چۆن هەریەکێك بووین.﴾

## پێشەکی

ئیدی من دەمە یەکێك لەو کەسانەی بانگەشە بۆ بەتێکستکردنەوەی مەعریفە میتافیزیکیەکان دەکەم۞ چیتر دەهۆڵ بۆ عەقلانیەت و عەقڵگەرایی ناکوتم۞ عەقڵ هیچ نیە جگە لە پرۆگرامکردنی مرۆڤ بۆ ئەوەی بە باوترین و کالترین شێوە دونیا ببینێت۞ عەقلانیەت دونیابینیەکی نزم و کوێرانەیە۞ بەڵکو عەقڵ خۆی پەردەی سەر بینایە بۆ ئەوەی نەتوانێت ئەو دیو سنورەکانی مادەو جەستە ببینێت.

بێباکیشم لە هەر تۆمەتێك کە بدرێتە پالم و من لێیان بێبەریم۞ من هاوشێوەی مەسیح پاك و بێگەردم و ئینتیمام بۆ دونیابینی و فەزای رۆحانیەتی ئەو و هەموو نێردراوەکانی تر هەیە۞ من خۆشەویستیم بۆ موحەممەدی پێغەمبەر هەیە کەرێبەرو چاودێرمە لەم دونیاو لەو دونیادا.

هەر ئاستێك لەووردبوونەوە تێڕامان جۆرێك لەجیهانبینی جیاواز دێنێتە کایەوە ۞ ئەم تێکستە لەدەرەوەی تێڕوانینە باوەکانەوە نوسراوە ۞ بەرهەمی قۆناغێکە لەرۆچوونم تا لێوارو کەنارەکانی وەحشەت و نامۆیی ۞ لەم ئاستەدا من پەلکێشی خۆمم نەکردووە بۆ نوسینی ئەم دەقە ۞ بەڵکو خودی دەقەکە پەلی منی گرتووە بۆ ئێرە.

لەکۆتاییدا ئەو پەیامە دەدەم بەگوێتاندا کە مرۆڤی ئایندە چیتر مرۆڤێکی پوخت عەقلانی نابێت ۞ مرۆڤی ئایندە مرۆڤێکی ناعەقلانی و میتافیزیکی دەبێت ۞ مرۆڤی ئایندە وەك چۆن خۆر دەچەمێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵبێتەوە ۞ ئەویش لەبازنەی عەقلانیەتەوە دەچەمێتەوە بۆ ناو میتافیزیا ۞ بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵبێتەوە ۞ ئەمە تاکە هانایە بۆ ئەوەی ئەو کائینەی پێی دەوترێت مرۆڤ ۞ بۆ هەمیشەیی ئاوانەبێت.

نوسەر/ ١٨-٨-٢٠١٠

## ستایش بۆ یەزدانی باڵا

بوون شەقکردنی بۆشاییە بەدەنگ دەنگ
سەدایە۞ سەدا ئیحایە۞ ئیحا مانایە۞
مانا بەهایە۞ بەها خودایە.

مرۆڤ دوریی و بۆشایی نێوان خوداو
شەیتانە۞ ئەو نێوانە۞ ئاینی کۆن بتە۞
بتی زەمانە۞ بتیش ئەمڕۆ بێ یان
سبەی۞ چارەنووسی شکانە.

ژیان سوڕانە۞ سوڕانەوەیە لەناو
بازنەکاندا۞ لەسەر ئەو هێڵە چەماوەییانەی
کە هەزاران هەزارجار دووبارە دەبنەوە۞
بێئەوەی دەربازبوون هەبێت لێیان۞ وەك
سوڕانەوەی گەلە ئەستێرەکان بەدەوری
خۆیان و بەدەوری یەکتردا۞ وەك
سوڕانەوەی کۆمەڵەی خۆر لەناو خولگەکانی

خۆیاندا۞ مرۆڤەکانیش هاوشێوەی ئەوانە۞ خولگەیەکیان هەیە بۆ سوڕانەوە۞ بۆ گەڕانەوەو بۆ سەرلەنوێ ژیانەوە.

چەند دۆخێك هەیە بۆ گۆڕان۞ بۆ دیارنەمان و بۆ سەرلەنوێ دەرکەوتنەوە۞ بۆ چوونەوە ناو تاریکی و۞ جارێکی تر هاتنەوە ناو رووناکی و بوون۞ بۆ چوونەوە لای حەقیقەت۞ دەبێت بچینەوە ناو بێدەنگیی۞ بێدەنگیی دیوێکەو۞ بەدەنگ تانوپۆکانی ژیان لەسەری چنراوە۞ بوون شەقکردنی تاریکییە۞ ئەمدویکەوتنی چەند تەڵزمێکە لەنوری خودا.

سەرەتا هەر بێدەنگیی هەبوو۞ لەناو تاریکیەکی بێ پایان۞لەناو بۆشاییەکی

کۆتایی نەهاتوودا۞دەنگ سەرەتایە۞
دەنگ کۆتاییە۞دەنگ تاریکی شەق
دەکاو۞ پنتی تانوپۆکان رون دەکاتەوە۞
ژیان دەکاتەوە بەگیان خاڵە ڕەشەکاندا۞
خاڵە ڕەشەکان یەکالاٛدەکاتەوە۞ کە ئەوان بۆ
خۆیان جیهانگەلێکی قەدکراون۞ هەر خاڵێك
لەتاریکی ئەگەر چەندین جار گەورە بکەیتەوە
دەبێتەوە بە جیهانێك۞ ئەگەر ئەم جیهانی
زەویەش چەندین جار بچووك بکەینەوە
لەخاڵێکی بچووکی تاریك زیاتر نیە۞
تاریکیی جیهانە داخراوەکانە۞ بچۆرەوە ناو
تاریکیی جیهانەکان دەدۆزیتەوە۞
لەتاریکیدا رامێنە گوێت لەبێدەنگی دەبێت۞
بێدەنگی پڕە لەدەنگ۞لەناو بێدەنگیدا گوێ
هەڵخە دەنگی حەقیقەت دەبیستیت۞ فەزای

بێدەنگی جیهانی عەودالأنە بەدوای خودایا ۞ لەئامێزی تاریکیدا هەست بەهەناسەی بوون دەکەیت ۞ چرپەی فریشتەکان دەبیستیت ۞ دەنگ جیهانەکان وەك دەمی خونچەکان دەکاتەوە ۞ هەر دەنگیش جیهانەکان وەك قەواڵەکان دەپێچێتەوەو لەسەر ڕەفەکانی گەردوون دایاندەنێتەوە ۞ ئەوەی کە ئێمە دەیبینن لەبونەوەرو لەکردارو لەشتەکان ۞ بەدیارکەوتنەوەی روداوگەلێکن کە هەزاران جارە رویانداوە ۞ وەك چۆن گەیشتنی تیشکی خۆر بۆ زەوی پێویستی بەچەند خولەکێك هەیە ۞ هەموو روداوێکیش کە لەساتەوەختێکدا روودەدات تەنها پەرچبوونەوەی ئەو کردارەیە کە رەنگە لە

زەمەنێکی دیکەدا روویدابێت۞ بینینەوەی لەئێستادا وەك ئەوەیە تۆپێکی لاستیك بکێشێت بەدیوارێکداو جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ جێگەکەی خۆی۞ بۆیە ئەوەی لەئێستاو لەئایندەشدا روودەدەن۞ پەرچبوونەوەی ڕابردوون.

لێرە هیچ شتێك نیە مایەی شانازیکردن بێت۞ئێمە هەردەم چیرۆکی شکستخواردویی مرۆڤ دەگێڕینەوە لەم زەویەدا۞ لەم وەرزەدا کە مرۆڤ هەردەم خۆی دووبارە دەکاتەوە۞ بەسیفەت و خوو و کردەوەکانیەوە۞ ئەم ژیانە هەلێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی لەرۆتینی ژیانی زەمینیی دەرباز بکات۞ هەوڵبدات گۆڕان لەژیانیدا دروست بکات۞ئیدی ئەگەر ئەو گۆڕانە بەرەو

باشبوون و بالاٛیی بوو۞ ئەوا جارێکی تر کە
لەدایك دەبێتەوە۞ پاش مردنی و جارێکی
تر گەڕانەوەی لەرێگەی وێناکردنەوەی
خۆیەوە۞ ئەو گۆڕانە باشە کە لەژیانی
پێشوویدا کردویەتی دەبێتە بەشێك لەژیان و
لەبونیادی۞ بەلاٛم ئەگەر ئەو کەسە لەژیانی
پێشوویدا پێش مردنی بەرەو بەدخوویی و
خراپی چوو۞ ئەوا لەژیانی ئایندەیدا کە
جارێکی تر لەدایك دەبێتەوە۞ لەوەرزێکی
تری ژیایندا۞ هەمان بەدخویی و سیفەتە
خراپەکانی ژیانی ڕابردوی دەبنەوە بە بەشێك
لەبوون و بونیادی۞ بەم شێوە بەرەو
خراپبوون دەچێت۞ تا لەکۆتاییدا بۆ
هەمیشە سەرگەردان دەبێت و چارەڕەش
دەبێت۞ بوونی دەبێتە بەشێك لەدۆزەخ۞

مرۆڤە باشەکانیش لەکۆتاییدا دەبنە بەشێك لەخودی بەهەشت۞ هەر خودی خۆیان دەبنە بەهەشت۞ وەك ئەوەی بەهەشت بێتە ناو ئەمانەوە۞ نەك ئەمان بچنە ناو ئەوەوە۞ بەهەشت و دۆزەخیش بەشێکن لەناخی مرۆڤ۞ یان دەبنەوە بە بەشێك لەژیانی۞ واتە هەر باشبوونێکی ژیانی ئایندەییانەی مرۆڤ لەسەر نوقڵانەو تێڕوانینەکانی ئێستای خۆی وەستاوە۞ واتە مرۆڤ لەئێستادا ئەگەرچی دەژی بەڵام لەهەمانکاتداو هەر ئێستاش لەپرۆسەی وێناکردنەوەی ژیانی ئایندەیدایە۞ واقیعی ئێستای هەریەکێکیشمان بەرهەمی وێناکردنی دوێنێ بووە بۆ خۆمان.

بوون لەناو فەزایەکی دەفریدایە۞
گەردوون بێ پایان نیە۞ هەموو شتەکان
کە بەر دیواری گەردوون دەکەون۞ جارێکی
تر دەگەڕێنەوەو روودەدەنەوە۞ ئەوەی
روودەدات پێشتر ڕویداوە۞ شتێك نیە
سەرەتا بێت و شتێکیش نیە کۆتایی۞
کۆتایی و سەرەتا پێکەوە گرێدراون۞
بێئەوەی دیاربێت لەکوێدا گرێدراون۞ وەك
بازنەیەك کە نە سەرەتای هەیەو نەکۆتایی۞
کەچی بوونیشی هەیە۞ ئایا بازنێك
سەرەتاو کۆتایی هەیە۞ بوونیش هەر
ئاوایە۞ پرسیار دەکرێت لەبارەی بوون و
نەبوونەوە۞ بوون و نەبوون دوو دیوی یەك
شتن۞ لەناو نەبووندا بوون هەیەو۞ لەناو
بوونیشدا نەبوون۞ بوون و نەبوون ئیدراکی

جەستەیی ئێمە جیایان دەکاتەوە۞ ئەگینا لەدەرەوەی ئەم ئیدراکەی ئێمەوە۞ بوون قووڵبوونەوەو نزیك بوونەوەیە۞ نەبوونیش دوورکەوتنەوەیە۞ بوون لەناو بۆشاییەکاندایە۞ بچۆرەوە ناو بۆشاییەکان بوونەکان دەدۆزیتەوە۞ لەبۆشاییەکان بچۆرە دەرەوە بوونەکان وون دەکەیتەوە۞ وەك ئەوەی دووربینێك لەچاو بکەیت و لایبەریت۞ هەندێك شت وون دەکات و هەندێك شت دەدۆزێتەوە۞ بوون تەنها بوونێکی بەرجەستەو مادیی نیە۞ دۆخ و کەشی ئەم فەزاو گەردونەی ئێمەیە بوونی لەشێوەیەکی مادیدا بەرجەستە کردووە۞ وەك ئەوەی ئەم فەزایە سیفەتی ئاوێنەیی هەبێت و تێیدا شتەکان بەدیاربکەونەوە۞

**بەلاّم مەرج نیە هەموو فەزاو ئاسمانەکانی تر ئەم سیفەتە ئاوێنەییان هەبێت۞ وەك چۆن ئاسمانی زەوی لەدڵی دەریادا جێی خۆی کردۆتەوە۞ سەیری دەریاکە ئاسمان دەبینیت۞ زەویش لەدڵی ئاسماندایە۞ بوونەوەرەکانی سەر زەوی لەناو تیشکێکەوە هاتوون کە لەوپەڕی گەردوونەوە بەرێکەوتووە۞ کاتێك بەر تەنێکی پەرچدەرەوە دەکەون بەرجەستە دەبنەوە۞ بوون و نەبوون یەك شتن۞ بەلاّم لەدوو ئاستی جیاوازدا۞ لەئاستێکدا بەرجەستەو لەئاستێکدا نابەرجەستە.**

**کاتێك مرۆڤێك لەدایك دەبێت۞ ئەم رووداوە سەربەخۆ نیە۞ بەڵکو پەیوەندی هەیە بە دیاردەیەکی گەردونیەوە۞ پەیوەندی بە**

گەڕانەوەی وەرزێکی ترەوە هەیە۞
ڕۆشناییەکە بەر دیواری گەردوون کەوتووەو
گەڕاوەتەوە۞ ئەمە لەدایکبوونێکە نوێ
نیە۞ سەوزبوونەوەیە لەسەر بنجێکی
کۆن۞ بوون تەنها دەرکەوتنەوەیە لەناو
چەندەها هەزارملیار.. جار دەرکەوتنەوەدا۞
هەموو ئەوەی هەیە سەر بەیەك
ساتەوەختە۞ هەموویان سەر بەیەك
مێژووی بەدیارکەوتنن۞ مرۆڤ و هەموو
شتەکانی تر هاوتەمەنن۞ کۆن و نوێ
بوونی نیە۞ ئەوەی کۆنە روداوێکە
لەساتەوەختی چوونیدایەو۞ ئەوەی نوێیە
لەساتەوەختی گەڕانەوەیدایە۞ بۆیە
هەندێکجار کۆن لامان نوێیە۞ نوێ لامان
کۆنە۞ ئەمە ئەو سیفەتی چوون و

گەڕانەوەیە کە هەستی پێدەکەین۞ نوێ
بۆیە حەزی پێدەکەین تەنها لەبەرئەوەیە
کۆنە۞ نەك لەبەرئەوەیە نوێیە۞
ئاشنابوونەوەیە۞ بوون کۆنە۞ ئێمە
کارئەکتەری ناو چیرۆکێکین تەنها هەست
بەرۆڵی دیاریکراوی خۆمان دەکەین
لەناویدا۞ ناتوانین تەواوی چیرۆکەکە بەبیر
خۆمان بهێنینەوە۞ ئەگەر لەخۆمان نەیەینە
دەرەوەو بەرز نەبینەوەو بالاْ نەبین۞ بۆ
ئەوەی سەرلەبەری بخوێنینەوە۞ ئەمەش
تەنها بە پرۆسەکانی چاودێریی و تێڕامان و
ووردبوونەوە دەبێت۞ مرۆڤ ئەگەر تەنها
هێندەی گەردێك دڵی وابەستە بێت بەم
دونیایەی خۆیەوە۞ ناتوانێت بگوازێتەوە
بۆ دونیاکانی تر۞ ناتوانێت تەواوی فەزای

چیرۆکەکە ببینێت۞ ئەمە گرفتی جەوهەریی مرۆڤە۞ کۆیلەی عەقڵیەتی۞ عەقڵێك کە دەستەچنی خۆیەتی۞ مرۆڤ بۆ ئەوەی لەکۆیلایەتی خۆی رزگاری بێت۞ دەبێت لەعەقڵی بچووکی ناکامی خۆی بێتە دەرەوە۞ مرۆڤ چۆتە ناو بۆتەی عەقڵیەوە بۆ ئەوەی لەوەحشەت هەڵبێت۞ مرۆڤ بۆتە بەندەی عەقڵ۞ کە ئەمە بتپەرستی نوێیە۞ عەقڵانیەت بت پەرستیی سەردەمە۞ بتی عەقڵ مرۆڤ لەوەحشەت دەردەهێنێت۞ بۆ ئەوەی بیکاتە کۆیلەی خۆی۞ بتی عەقڵ بشکێنە۞ دەگەڕێیتەوە بۆ رەهایی و وەحشەت۞ عەقڵانیەت تاریکییە۞ چوونەوەیەکی فەزای بەربلاوی بوونە۞ بێباوەڕییە بەرامبەر بەبوون۞

پەردە دادانەوەیە بەسەر ئەم بوونەدا کەخوا
لەسەری لادابوو۞ لەوەتەی خوا پەردەی
لەسەر ئەم بوونە لاداوە کە ئێمە بەدی
دەکەین۞ مرۆڤیش بوونی هەر بووە۞
بەدەر لەجەستەکەی کە جارێك دەکەوێتە بەر
رۆشنایی و جارێکێش دەکەوێتەوە بەر
تاریکیی۞ مرۆڤ لەدۆخە رۆحییەکەیدا
لەوەتەی بوون هەیە ئەمیش هاوەڵێتی دەکات
و هەیە۞ دۆخی جەستەیی و مادیی مرۆڤ
دۆخێکی فریودەرو چەواشەکارن۞ ئەگینا
مرۆڤ وەك تەڵزمێك لەنوری خودا۞ لەوەتەی
هەیەو بووە رۆحی زاناو ئاشنایە بە بوون و
بەدیهێنەرەکەی۞ رۆحی مرۆڤ لەئەزەلەوە
وەك تەڵی پرشنگێك لەناو بووندا هەیەو سەما
دەکات۞ بوون وەك سیدیەك وایە۞ مرۆڤی

جەستەیی رۆڵی سەری ئەو دەرزییە دەبینێت کە داتا تۆمارکراوەکانی سەری دەخوێنێتەوە۞ مرۆڤ تەنها کاتێك دەبێتە بەشێك لەژیان کە لەگەڵ ئەودا کارلێك دەکات۞ هیچ شتێك لەم بوونەدا مرۆڤ سەرسام ناکات۞ چونکە مرۆڤ پێشتر بەهەموویان ئاشنابووە۞ ژیان مەئلوف و باوە۞ هەموو شتەکانی ئێرە کۆپیەکی دانە بنچینەییەکەن کە دەکەوێتە جیهانی ئاوابوەوە۞ ئەگەر لێرە جوانیی هەبێت۞ ئەوا خواستراوی ئەوێیە۞ ئەگەر ئاگرو ئەگەر ئاو و ئەگەر رۆشنایی و ئەگەر مرۆڤ و ئەگەر رەگەزەکانی تر هەیە۞ هەموویان شێوەیەکن لەو دانە بنچینەییانەی رەگەزەکان کە لەجیهانەکەی تردا هەن۞ جیهانی

ئاوابوو تەواو هاوبەرامبەری ئەم جیهانەیە۞ وەك چۆن دەركەوتنی چنارێك یان داربییەك۞ یان مانگێك لەناو ئاوێكدا۞ گوزارشتە لەبوونی دانەیەك لەهەمان ئەو شتانە لەدەرەوەی ئاوەكەوە۞ بوونی دار چنارەكە یان دار بییەكە یان مانگەكەش لەدەرەوەی ئاوەكەوە۞ گوزارشت و بەڵگەن لەسەر بوونێكی تری هەمان ئەو شتە لەجیهانە ئاوابووەكەدا۞ مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە۞ بۆ نمونە بوونی من لێرە۞ بەڵگەیە لەسەر بوونی موحەممەدێكی تر لەجیهانە ئاوابووەكەدا۞ موحەممەدێك كە چەندین دۆخی بڕیوە تا بۆتە موحەممەدێكی بەرجەستەیی ناو دونیاو۞ چەندین دۆخیش دەبڕێتەوە تا جارێكی تر دەچێتەوە

ناو خەونی خۆی و ئاوا دەبێتەوەو۞
هەڵبەتە جارێکی تریش وێنای خۆی
دەکاتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵی
دەستپێکردنەوە۞ جارێکی تریش
هەڵدێمەوە۞ جارێکی تریش دەگەڕێمەوە بۆ
ئێستا۞ وەك چۆن خۆرەکان هەڵدێنەوە۞
وەك چۆن ئەستێرەکان بەتیشکی خۆر رۆشن
دەبنەوەو دەدرەوشێنەوە۞ تەنها جیاوازیەك
کەهەیە ئەوەیە من لێرە لەپەیکەرێکی مادیدا
بەرجەستە بووم۞ بەڵام منەکانی ئەوێ
مەرج نیە منێکی مادیی بن۞ منێکم
لەنور۞ لەرۆشنایی۞ لەزەین۞ لەخەون
و لەوێنا۞ منێکم لەووشە.

بوون وەك ژوورێکی ئاوێنەبەند وایە۞ بە
رۆشنایی بەدیاردەکەوێت و بەتاریکیی

ئاوادەبێت۞ مرۆڤ کە لەناو جەستە مادییەکەیدایە هەست بەژیان دەکات۞ نەك لەبەرئەوەی کە ژیانێکی ڕاستەقینە دەژی۞ چونکە لەراستەقینەدا مرۆڤ کاتێك لەناو جەستەیدایە ژیانێکی سنورداری هەیە۞ ئەگینا ژیانی مادیی و زەمینی مرۆڤ وەك ئەوە وایە لەسەد بەشی ژیان نەوەدو نۆ بەشی کوژابێتەوەو۞ تەنها یەك لەسەدی ژیان بەرۆشنی هێڵرابێتەوە۞ مرۆڤ نۆ لە دە بەشی ژیانی لەناو تاریکیدایەو یەك لە دەی ژیانی هەستپێدەکات کەلەناو قەفەسی جەستەیدا وەك مۆمێکی کز رۆشنکراوە۞ جەستە بۆ مرۆڤ ژیان نیە۞ بەڵکو کۆتکردنی رۆحەکەیەتی۞ مرۆڤ بۆ ئەوەی هەست بەتەواوی ژیانی بکات پێویستە

لەقەفەسی جەستەی بێتە دەرەوە۞ هەموو دۆخەکانی تر ببینێت و پێیاندا تێپەڕ ببێت۞ کە تێیاندا ژیان مردنەو مردن ژیانە۞ خەون حەقیقەتەو حەقیقەت خەونە۞ تا رۆح کۆیلەی جەستە بێت۞ مرۆڤ لەتاریکیدا نیشتەجێیە۞ تا جەستە خامۆش نەبێت رۆح هەڵنابێت و رۆشن نابێتەوە۞ وەك چۆن لەناو جەستەدا ژیانێکی هەستپێکراوی سنوردار هەیە۞ لەدەرەوەی جەستەشدا ژیانی جۆراوجۆر هەیە۞ دوای مردنی جەستە رۆحی مرۆڤ سەرگەردان دەبێت۞ ئەگەر خوا سۆزی خۆیی پێنەبەخشێت و دەروازەکانی ئاسمانی لێ نەکاتەوە۞ تەنها رۆشناییەکیش هەبێت دەکەوێتە گوممەزو قوببەی گەردوونەوە۞

که نورو رۆشنایی خودای چاودێرو
بەدیهێنەری جیهانیانە۞ بەڵام رۆحەکان
هەموویان وەك یەك ناتوانن بەرزببنەوە بۆ
گوممەزو قوببەی گەردوون۞ تەنها ئەوانە
نەبێت کە دونیایان لەدەروونی خۆیاندا
تەراندووە۞ ئەوانەی کە هەموو ئەوەی
لەدونیادا هەیە۞ نایگۆڕنەوە
بەساتەوەختێك ژیان لەگەڵ خوداو
بەدیهێنەرەکەیاندا۞ ئەوانەی وەك پەڕی
ناسکی کۆترێك سووك و سانا بەرزدەبنەوە بۆ
قوببەی گەردوون و بۆ بارەگای کردگار۞
ئەمانە رۆحیان روناکەو۞ داماڵراوە
لەهەموو ئەوەی لەدونیادایە لەچێژو
خۆشیەکان۞دەستبەرداریی دونیابە۞ لەم
دونیایەدا جگە لەخۆشەویستی خودا مەیل

بەهیچ خۆشەویستێکی تر مەدە۞ سیاسەت مەکە۞ سیاسەت کوفرکردنێکی گەورەیە بەرامبەر بەخوا۞ سیاسەت پیشەی دونیاپەرستەکانە۞ سیاسەت پەیوەستیی نێوان خوداو مرۆڤەکان لاواز دەکات و دەیپچڕێنێت۞ سیاسەت خودات لەبیردەباتەوە۞ دونیات وەك خوانێکی قەرەباڵغ و سەخی دەخاتە بەردەست کە نازانیت لەکوێوە پەلاماری بدەیت و بیخۆیت۞ سیاسەت دونیا لای مرۆڤ خۆشەویست دەکات۞ بەڵکو دونیا دەکاتە خۆشەویستی مرۆڤ و خۆشەویستە ڕاستەقینەکەیی بیردەباتەوە۞ سیاسەت پیشەی مرۆڤی یەزدانی و رۆحانیی نیە۞ چونکە خۆشویستنی دونیاو ئەوەی تێیدایە

وات لێدەکەن نەتوانیت دڵ بە خودا بدەیت۞ خودایەك ئامێزی کردۆتەوە بۆ تۆ۞ بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە۞ تۆ دوو ڕێگەت لەبەردەمدایە: یان فەنابوون لەخوادا۞ یان فەنابوون لەدونیادا۞ هەر هەڵبژاردنێکی تریش ئەگەر هەبێت تەنها هەنگاوەکانی تۆ خاو و خلیچك دەکەنەوە۞ وەك شارستانیەت کە تەنها ئاڵۆزکردنی ژیان و دورخستنەوەی مرۆڤە لەخۆی.

مرۆڤ کاروانییە۞ مرۆڤ لەدونیادا تەنها هەوارگەیەکی هەیە۞ نەك هەموو ژیان۞ کاروانیەکان تا زوو بگەنە مەنزڵ هێشتا درەنگە۞ داناکان زۆر لەرێگادا نامێننەوە۞ دەزانن مانەوە لەرێگەدا مەنزڵت بیردەباتەوە۞ ئەوانن کە دەزانن لەمەنزڵ

خۆشەویستانمان و۞ یارانی هەمیشەیی و
جاویدانیمان۞ پێغەمبەران و هاوەڵان و
پیاوچاکان و زاهیدو خواناسان و خەڵکی
بەهەشت چاوەڕێمانن۞ جا با چاوەڕوانی
ئازیزان درێژە نەکێشێت۞ ئای چەند
قورسە چاوەڕوانیی ئازیزان۞ ئەگەر لەپاش
مردنی جەستە۞ دەروازەکانی ئاسمان
لەرۆحێك نەکرانەوە۞ ئەوا ئەو رۆحە
لەنێوان ئەرزو ئاسماندا گیردەبێت و
سەرگەردان دەمێنێتەوە۞ پەنا بۆ هەر
پەیکەرێك دەبات لەشێوەی جەستەی مرۆڤدا
بێت۞ بۆ ئەوەی جێگەی خۆیی تێدا
بکاتەوەو تێیدا بەرجەستە بێت۞ ئەمانە
مایەی شەڕو زیادبوونی خراپەکارییەکانن کە
بەردەوام لەزەویدا روو لەزیادی دەکەن۞

بۆیە ژیان بەرەو خراپی دەچێت۞ چونکە رۆحە سەرگەردانەکان روو لەزیادبوونن۞ بێگومان ژیان بەردەوام رووی بەرەو خراپی چوونە۞ چونکە پرۆسەکە بەوشێوەیە کە رۆحە پاکەکان بەرزدەبنەوەو جارێکی تر ناگەڕێنەوە۞ بەڵام رۆحە خراپەکان دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئاسمانەکانی خوارەوە۞ بۆ نیشتمانی خوارەوە۞ بۆ مەنزڵ بێ مەنزڵان۞ هەوارگەی بێ هەواران۞ لانەی بێلانەکان۞ دواتریش دۆزەخی حەسرەتباران و دۆزەخیان۞ ئاوێزان لەگەڵ رۆحی دوورخراوەکان۞ سەرگەردانییش بۆ ئەو مرۆڤانەی کە یادی پەروەردگار فەرامۆش دەکەن و لەگەڵ ئەو رۆحە خراپانەدا ئاوێزان دەبنەوە۞ مرۆڤ رزگاری نابێت تا

دەروازەکانی ئاسمانی لێنەکرێنەوەو بەرز نەبێتەوە بۆ بارەگای خودا۞ بەرزیش نابێتەوە تا وەك منالێك پاك و بێگەردو بێ گوناه نەبێتەوە۞ بۆیە نهێنی بوون و مانەوەی ئێمە لەم جیهانەدا بوارپێدانێکە بۆ ئەوەی خۆمان لەگوناهەکانمان پاك بکەینەوە۞ ئەو گوناهانەی کە مەرج نیە لەم ژیانەی ئێستای دونیاماندا کردبێتمان۞ ئێمە چەندین جار ژیاوین و گوناهمان کردووەو بەرز نەبوینەتەوە۞ بەلاّم بیرمان نایەتەوە۞ مرۆڤ لە لەبیرچونەوەوە هاتووەو جارێکی تریش دەچێتەوە ناو بیرچوونەوە۞ فەنا دەبێت و جارێکی تر وێنای خۆی دەکاتەوە۞ تا جارێك ئیدی بۆ هەمیشەیی لەم خولگەو جولّەیە دەچێتە دەرەوە۞ ئیدی

یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ۞ مرۆڤ پێویستی بەقەڵمبازێکە بۆ ئەوەی لەبازنەی ژیانە رۆتینیەکەی بێتە دەرەوەو۞ قەڵەمباز بداتە ناو ژیانێکی نوێ و بالاترەوە۞ وەك قەڵمبازی پێغەمبەرەکان۞ پێش سروش و پاش سروش بۆ هاتنیان۞ وەك قەڵمبازی مرۆڤەکان پێش باوەڕداریی و پاش باوەڕداریان۞ وەك قەڵمبازی ساتی گوناهکردن و داوای لێخۆشبوون و پاکبوونەوەیان۞ وەك قەڵمبازی گوناهکردن و لەئاو هەڵکێشان۞ لای یەحیای پێغەمبەرمان۞ وەك قەڵمبازی لاچوون لەبتپەرستی و هاتنە سەر ئایینی نوێ و یەکتاپەرستی لای ئیبراهیمی پێغەمبەرو نەوەکانی دواتریان۞ وەك قەڵمبازی

شایەتوومان هێنان لای موحەممەدی پێغەمبەرمان۞ وەك قەڵمبازی واز هێنان لەسیاسەت و رووکردنە بارەگای یەزدانی میهرەبان و پەرستشیاریی لای بەندەکانمان۞ وەك قەڵمبازی پێش خوێندنەوەی ئەم وەچانەو دوای خوێندنەوەیان۞ وەك قەڵمبازی هاتنە سەر ئەم ئایینە نوێیەو دەستبەردان لەپێشینیان۞ وەك قەڵمبازی پێش لەدایك بوون و دوای لەدایك بوون۞ قەڵمبازی منالّیی و گەورەبوون۞ قەڵمبازی بێئاگایی و ئاگایی بوون۞ قەڵمبازی مرۆڤ بوون و بالاّبوون۞ قەڵمبازی ژیان و مردن۞ قەڵمبازی بەمرۆڤ بوون و بە شت بوون۞ قەڵمبازی بەپیاو یان بەئافرەت بوون۞

قەڵمبازی بە بەهەشتی بوون و بەدۆزەخیی بوون.

قەڵمبازیی مەزهەبی منە۞ مەزهەبی لەنزمیەوە بۆ بەرزیی چوون۞ لەچۆنیەتی بوونەوە بۆ چییەتی بوون۞ لەمرۆڤی بوونەوە بۆ سەروو مرۆڤی بوون۞ لەئەهلی زەویی بوونەوە بۆ نیشتەجێی ئاسمانەکان۞ بۆ بوون بەهاوەڵی هەمیشەیی پێغەمبەران و پیاوچاکان و بێ گوناهان و زوڵملێکراون۞ بۆ ماڵئاوایی لە زەوی۞ نیشتمانی خەڵکانی ستەمکارو کەم بەزەیی۞ زەوی نیشتمانی ستەم۞ ئێمەش تا ئێستا کە تێیدا ماوینەتەوە۞ هۆکارەکەی ئەوەیە نەمانتوانیوە چینەکانی ئاسمانەکان تێپەڕێنین۞ شایانی نەبووین۞ چونکە

مرۆڤ ئەگەر جارێك بەرزبێتەوە۞ ئیدی جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ جیهانی نزمی زەوی۞ زەوی مەنزڵی گوناهبارانەو چاوەڕوانیکەرانە۞ مەنزڵی ئەوانەیە لەچاوەڕوانی پاکبوونەوەدان۞ ئەگەر مرۆڤ پاکبوویەوە لەگوناهەکانی و شایستەی بەرزبونەوە بوو بۆ ئاسمانەکان۞ تەنها ساتێك چیتر لەم زەویەدا ناهێڵرێتەوە۞ ئەوانەی لەم زەویەدا ماونەتەوە۞ لەمرۆڤەکان و لەرۆحە سەرگەردانەکانن۞ کە دەرۆزەکاری سۆزو میهرەبانی خودان۞ وەك چۆن خودا چاودێریی بەندەکانی دەکات۞ دەبێت بەندەکانیش چاودێری خودا بکەن۞ بۆ ئەوەی لەو ساتانەدا کە سۆزو میهرەبانی خودا سەردەکاو لێوان لێو دەبێت۞ جامی

بەتاڵی موحتاجی بەندەکانی پڕ بکات۞ ئەگەر مرۆڤیش بیزانیبایە چەند پێویستی بەسۆزو میهرەبانی و لێخۆشبوونی خودا هەیە۞ ئەوا پەنجەی دەستەکانی وەك چنگی درەختەکان بۆ هەمیشە لەئاسمان گیردەکردو نزمی نەدەکردنەوە۞ وەك گوڵی لاولاوێك بەیانیان پەلی دەکێشا بەرەو گزنگ و بۆ هەمیشە بەسێدارەی ڕامان و چاودێریکردنی خوداوە دەمایەوە۞ وەك پارچە تەختەیەك کەوتبێتە ناو ئاوێکەوەو۞ هەوڵبدات بگەڕێتەوە بۆ ئاستی سەرەوەی ئاوەکە۞ مرۆڤیش بەردەوام دەیەوێت بەرزبێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە هەڵدراوەتە ناو ئەم جیهانە نزمەوە۞ دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی۞

که یەکەمجار لێی بووە۞ بەڵام ژیان داو و دڕکی هەیە۞ وەك ئەو دڕکەی لەخوری مەڕێك گیردەبێت و دەیڕنێت۞ ژیانیش لە ڕۆحی مرۆڤ دەڕنێت بۆ ئەوەی گیریبدات و لای خۆی بیهێڵێتەوە۞ هەر بۆیە نزیکترین ڕێگە بۆ دورکەوتنەوە لەخودا وابەستبوونە بەچێژەکانی دونیاوە۞ پێچەوانەی ئەمەش هەروایە.

پێش ئەم بوونە۞ نەبوون هەبوو۞ نەبوونیش بوونێکی ڕاستەقینە بوو۞ ژیانی ڕاستەقینە لەناو بێدەنگیدایە۞ کەواتە لەهەر شوێنێك دەنگ هەبوو ژیان نیە۞ ئەگەر پرسیاریش دەکرێت ئەوەی لەناو ئەم ژاوەژاوەی ئێرەدا هەیە چیە۞ ئەمە تەنها بەربوونەوەیە۞ دوای تەقینەوە گەورەکە کە

لەناو بۆشاییە چڕکەدا روویدا۞ لەو ساتەوە گەردوون لەبەربوونەوەیەکی بەردەوامدایە۞ تا ئەو کاتەی ئیدی بەربوونەوەکە پەرچدەبێتەوە بۆ گەڕانەوە۞ چڕبوونەوەو چوونەوە ناو بۆشایی و ناو بێدەنگیی۞ ئەمە ئەگەر لای ئێمە هەزاران ساڵ بێت۞ ئەوا لای خوای گەورە چەند ساتێکی کەم دەخایەنێت۞ ئەوەی گەردوونی شڵەقان دەنگێك بوو۞ سەرەتای هەموو شتەکان ئەو دەنگە بوو۞ ئەو دەنگە لەوەتەی بووە هەر دەنگ دەدات و دەداتەوە۞ تا کڕو بێدەنگیش نەبێت شتەکان ناگەڕێنەوە بۆ دۆخی ئاسایی و هەر هەبوویی خۆیان۞ بەنسبەت مرۆڤەوە شتێك نیە ناوی زانست و فێربوون بێت۞ ئەوەی مرۆڤ فێری دەبێت

زانستێكی ئەفرێنەرانە نیە۞ بەڵكو مرۆڤ بەقوڵبوونەوەو چاودێریی و تێڕامان دەتوانێت هەموو ئەو شتانەی بیربكەوێتەوە كە رۆژێك لەرۆژان فێری كراوە۞ ئەوەی هەیە تەنها پێویستی بەبیركەوتنەوەیە۞ مرۆڤ بوونەوەرێكە شتەكانی بیرچوونەتەوە ۞ مرۆڤ بۆ خۆی زانایە۞ بەڵكو ئەو لەرۆحی خوایە۞ هەموو شتێك دەزانێت۞ شتێك نەزانێت ناتوانێت بیزانێت۞ لەنەزانین زانین فەراهەم نابێت۞ بەڵكو بیرهێنانەوەو بیربردنەوە هەیە۞ بەڵكو لەنێوان زانست و مرۆڤدا بۆشاییەك دروست بووە۞ بوارێك هاتۆتە نێوانیانەوە۞ ئەو بوارە كەی هاتەوە یەك۞ كەی ئەو كەلێن و بۆشاییە پڕبۆوە۞ ئیدی مرۆڤیش

بەزانستەکەی شاد دەبێتەوە۞ بەڵکو بیری دەهێنرێتەوە۞ ئەوەی کەتەنها ژیانی جەستەیی و مادیی بیری بردوونەتەوە۞ هەر چنگە خۆڵێك بگریت دەزانیت ئەوە هەزاران جار بۆتە شتانێك و جارێکی تر بۆتەوە بەخۆڵ۞ مرۆڤیش هەروایە۞ زەخیرەیەکە لە ئەزموون و زانست لەناوخۆیدا۞ بەڵام ئەوەی گرفتی مرۆڤە ئەو بۆشاییانەیە کە لەژیانەکانیدا روودەدەن۞ ئەو کەلێنانەیە کە پەیدا دەبن۞ وای لێدەکەن نەتوانێت شتەکان بەیەکەوە گرێبداتەوە۞ بیری دەچنەوە۞ وەك ئەو کەسە وایە کە هەر ساڵێك و کارێکی جیاواز دەکات۞ ئەم کەسە گرفتی ئەوەی هەیە ناهێڵرێت ئەزموونی رۆڵەکانی بکات۞

**مرۆڤیش لەناو خۆیدا هەموو شتەکان دەزانێت۞ بەڵام بیرەکانی و ژیانەکانی وەك تۆپێك وایە کە لەهەڵبەزو دابەزدابن و ئۆقرە نەگرن۞ مرۆڤیش بیری ئۆقرە ناگرێت هەتا بەرچاوی ڕوون بێتەوەو ئەو قوڵاییانە ببینێت کە لیخن و لێڵ بوون لەبەرچاویدا۞ مرۆڤ تەنها پێویستی بە بەرچاو روونیی هەیە بۆ ئەوەی هەموو سەرەداوەکان گرێبداتەوەو۞ راستیەکان بزانێتەوە۞ بەرچاو رونکردنەوەش نیعمەتێکی خوایە بەهەندێك لەبەندەکانی خۆیی دەبەخشێت۞ هەندێك جار ئەم نیعمەتە لەشێوەی نەهامەتیەکدا روودەدات۞ بەرچاوڕوونی چرۆیەکە پێویستی بەژینگەیەکی جیاوازو تایبەت هەیە بۆ گەشەکردنی۞ رەنگە لەسایەی**

نەخۆشییەکدا یان دەردەدارکردنێکدا یان گرفتێکدا یان رەوشێکی دەروونی و پارێزکردن لەکۆمەڵدا چرۆ بکات۞ ئەو مرۆڤەی کە خوای مەزن بەرچاوی رووندەکاتەوە مرۆڤێکی ئاسایی نیە۞ ئەم مرۆڤە پێویستی بەوەیە هەم ژینگەو هەم ژیانی بگۆڕێت۞ بەرچاوڕوونی مەقامی هەیە۞ ئەو مەقامە خودا خۆی دەیزانێت چۆن دەیبەخشێت بە بەندەکانی۞ وەك ئەوەی پێغەمبەران جگەرسوتاویی و دەربەدەری و سزاو ئازارو ناڕەحەتی و برسیەتیان چەشتووە۞ وەك چۆن تۆمەتی شێتیی و جادوگەریی و نابەجێیان دراوەتە پاڵ۞ وەك چۆن تۆمەتی رەوشتیی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دروستکراوە۞

بەوشێوەیە بەرچاوڕوونی باجدانی دەوێت۞
هاتن و گەیاندنی پەیامە ئاسمانیەکان بۆ
باجدان نەبووە۞ پێغەمبەرەکان و
پەیامهێنەکان دەبنە قوربانی و باجدەری
هەڵەی مرۆڤە سەرگەردانەکان۞ خودا
پێغەمبەرەکانی خۆیی کردۆتە قوربانیی۞
کەئەوان بۆ خۆیان ئەهلی ئاسمانەکان و
شایانی گەڕانەوە نەبوون بۆ زەوی۞ بەڵام
بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر زەوی و پەیامی
ئیلاهیی جارێکی تر ڕابگەیەننەوە۞ بەڵێ
هەموو پێغەمبەران و پەیامهێنەکان بێ
جیاوازیان هەموویان قۆچی قوربانی خودا
بوون لەپێناو هەڵەو تاوانی مرۆڤەکاندا۞
وەك زەکەریاو یەحیاو عیسا۞ وەك ئیبراهیم

و ئیسماعیل و مریەمی پاکیزەو بێهاوتا۞ لەم دونیاو لەو دونیادا.

بوون بەشێك نیە لەخۆی۞ هەموویەکی سەربەخۆ نیە۞ مرۆڤیش بەشێکە لەهەموویەك۞ ئەوەی پێی دەوترێت بوون لەژێر فشارێکی بەرزدا بەرجەستە بووە۞ وەك چۆن مۆرێك پێویستی بەوە هەیە بەفشار بخرێتە سەر ڕوویەك بۆ ئەوەی دیاربکەوێت۞ ئێمەش بەفشارێك خراوینەتە سەر روویەك بۆ ئەوەی بەرجەستە بین۞ بۆ ئەوەی هەست بەخۆمان بکەین۞ کەواتە ئێمە لەدەرەوەی خۆمانەوە هەین۞ بۆیە هەست بەخۆمان دەکەین۞ ئەگینا هیچ شتێك لەخودی خۆیدا ناتوانێت هەست بەخۆی بکات۞ هەر دەبێت مرۆڤ لەدەرەوەی

خۆیەوە بێت تا بتوانێت هەست بەخۆی
بکات۞ مرۆڤ دەتوانێت لەخۆی دەرچێت۞
هەروەها بگەڕێتەوە ناو خۆی۞ مرۆڤ وەك
تیشکێکە کە هەزار جار ڕۆیشتنی
خاوکرابێتەوە۞ لەناو ئەو
خاوبوونەوەیەیدایە هەست بەژیانی مادیی
دەکات و دەیبینێت۞ ژیانی مرۆڤ
پێکنەهاتووە لەرابردوو ئێستاو ئایندە۞
ئەمانە دەستەواژەیەکی کەمبینانەی
مرۆیین۞ ئەگینا ژیانی مرۆڤ لەناو
تیشکێکدا بەدیارکەوتووە کە ئەو تیشکە
ڕۆیشتوو گوزەراوە۞ هەموو شتێك تەواو
بووە۞ ئەوەی ئێمە ئێستای دەیبینین و
هەستی پێدەکەین و کارلێکی لەگەڵدا دەکەین
ڕۆژگارێکی دیکە بووەو گوزەراوە۞ تەنانەت

هیچ شتێك مایەی شانازی و سەروەریی نیە
لەم سەر زەویەدا۞ ئێمە هەموومان
چیرۆکێك دەگێڕینەوە کە چیرۆکی
شکستەکانی مرۆڤە۞ هەمووشمان
لەناخەوە هەست بەم شکستە دەکەین۞
هەربۆیە هەمیشە نیگەرانین۞ ئێمە ئێستا
مامەڵە لەگەڵ شتانێك دەکەینەوە کە بزربوون
و دیومانەتەوە۞ بەڵکو ڕێگەمان کەوتۆتەوە
سەر ڕێگایان۞ وەك یەکتربڕینی
دووڕیانێك۞ ئێمە هەمیشە بەدوڕیانەکان
دەگەینەوەو جارێکی تر دەیانبڕینەوە۞
ژیان وەك فەرشێك وایە۞ تانوپۆی
روداوەکانی کات و شوێنن۞ روداوەکان
لەئەنجامی یەکتربڕینی هێڵەکانی۞ یان
تیشکەکانی کات و شوێنەوە روو

دەدەنەوە۞ ئەو هێڵ یان تیشکە رابردوو
ئێستاو ئایندەشی بڕیوەو دەکرێت هەمان ئەو
تیشکانە یان هێڵانە بەهەمان خاڵی
تانوپۆکانی هەمان شوێن و هەمان کاتدا
بڕۆنەوە۞ واتە دەکرێت ئێمە چەندین جاری
تر بێینەوە ناو ژیان و۞ بێینەوە ناو هەمان
ئەو جێگایانەی کەپێشتر تێیاندا بووین۞
یانی ئەگەری هەیە روداوەکانی پێشوو
جارێکی تر ڕووبدەنەوە۞ ئەمەش نهێنی
قەدەرە۞ ئەو نهێنییەیە کە مژدەی بەهاتنی
موساو یەحیاو عیساو هەموو پێغەمبەرەکانی
تر داوە۞ مرۆڤ لەناو بوونە جەستەییەکەیدا
بەندکراوە۞ بۆیە ناتوانێت ئەمسەرو
ئەوسەری ژیانی خۆیی ببینێتەوە۞ ژیانی
مرۆڤ وەك بازنەیەك وایە۞ ئەمسەروسەری

تەواو بووەو پێکەوە قوڵفدراوە۞ مرۆڤ لەناو خاڵێکی بووندایە۞ چاودێریی بەدیارکەوتنەوەی خۆی دەکاتەوە۞ مرۆڤ جارێکی تر بەدیاردەکەوێتەوە۞ وەك چۆن هەموو بەیانیەك خۆر بەدیاردەکەوێتەوە۞ وەك چۆن هەیڤ وون دەبێت و بەدیاردەکەوێتەوە۞ مرۆڤ دوای مردن خۆی بەدی دەکاتەوە۞ وەك چۆن خەون دەبینێت و لەخەونیدا خۆی دەبینێتەوە۞ ئەوکاتەش خۆی بەدیدەکاتەوە یان خۆی دەبینێتەوە۞ ئەو کاتەیە کەبازنەی ژیانی لەخاڵی بوونی هەربوویی خۆی نزیك دەبێتەوە۞ ئیدی ئەوکاتە هەست بەژیان دەکاتەوە۞ هەست بەلەدایك بوونەوەی خۆی دەکاتەوە۞ خۆی دەبینێتەوە وەك

چۆن خەون دەبینێت۞ وەك ئەوەی کە
نازانین ژیان خەونە یان خەون ژیانە۞ مرۆڤ
کە جەستە لەدەست دەدات۞ چاودێریی
دەکات تا جارێکی تر رۆحی خۆی دێتەوە ناو
خولگەکانی ژیانەوەو بووژانەوەی۞ ئەوسا
وێنای خۆی دەکاتەوە۞ ژیان و جارێکی تر
ژیانەوە۞ بریتین لەتەواوکردنی خولگەیەك
و جارێکی تر گەڕانەوە بۆ هەمان پنتی
دەست پێکردن و لەدایك بوونەوەو
وێناکردنەوە۞ مرۆڤ هەیە تائێستا هەزاران
جار ژیاوەو ژیاوەتەوە۞ خولی تەواو نەبووی
ژیانی تەواو دەکات۞ هەموو مرۆڤێکیش
ئەمەی زانیوە۞ بەڵام لەبیری دەچێتەوە۞
مرۆڤ خۆیی پێشتری بیرنایەتەوە۞ رابردوو
ئێستاو ئاینده گوزارشتێکن سەر بەجیهانی

مادیین۞ لەدەرەوەی مادەوە ژیان
سەرمەدە۞ صەیرورەو جاویدانە۞ خودا
کە مرۆڤی دابەزاندە سەر زەوی شتەکانی
بیربردەوە کە لەجیهانەکانی تردا فێری
کردبوو۞ ئەو مرۆڤەی خوای گەورە
دایبەزاند۞ هەموو شتێکی دەزانی بەڵام
لەجیهانی مادیدا بیری چوونەوە۞ مرۆڤ
بەسەرپێچیکردن لەووشەکانی خوا۞
لەئایەتەکانی ئەو۞ لەئاستی خۆیی
دابەزاند۞ بەڵام بەگوێڕایەڵییکردن لەخوای
گەورە جارێکی تر هەلی ئەوەی پێدراوەتەوە
بگەڕێتەوە بۆ ئاستە ئاسمانییەکەی۞ ئەم
گەڕانەوەیە پرۆسەیەکە مرۆڤ بەپێی ئاستی
باوەڕداریی و لاکردنەوەی بەلای جیهانە
رۆحیەکەیداو چاودێریکردن۞ پێی بەرز

دەبێتەوە۞ تا وای لێدێت۞ وەك ئەوەی ئیدی ئێمە لەئاستێکی باڵاوە چاودێری خۆمان بکەین۞ بەچاودێریی بەردەوام و بەستایشکردنی خواوەندو یادی ئەو۞ یادی پەروەردگار۞ بەفەرامۆشکردنی ئاستەنگەکان و ئەو شتانەی دڵمانیان قورس کردووەو بە پشتیوانی یەزدان۞ باوەڕداران لەمرۆڤ دەگەڕێنەوە بۆ ئاسمانەکان۞ دەروازەکانی ئاسمانەکان بەروویاندا دەکرێنەوە۞ سوێند بەخوا۞ وەك خوای گەورە سوێند دەخوات۞ دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی خۆمان ببینینەوە کە چیمان کردووە۞ نەك ئێستا چی دەکەین۞ وەك ئەوەی چاوەڕوانی خەونێکمان بکەین کەبێتە دی۞ ئێمە کە لەئێستادا دەژین تەنها

سەیرێکی رابردووی خۆمان دەکەینەوە کە پێشتر پێیدا گوزەراوین۞ ئەمە مانای دیاریکردنی قەدەرو چارەنوسە۞ ئەمە یەکەم ڕستە بوو کە قەڵەم نووسی۞ ئەمە دەستەواژەیەکی قورسەو تێگەیشتنی سانا نیە۞ تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە پرۆسەکانی چاودێریکردنیان درێژ دەکەنەوە۞ شەوان بەیادی خواوە۞ بە ووتنی ووشە پیرۆزەکان و هێنانی ناوەکانی ئەو دەدوێنن۞ رازی دڵی خۆیانی لا باس دەکەن۞ بە فرمێسکەکانیان دڵی تاریك و ووشك هەڵاتویان پاراو و ئاوەدان دەکەنەوە۞ بەچرای دڵیان بەرچاویان روون دەکەنەوە۞ نەك چاوی سەریان۞ چونکە مرۆڤ بەچاوی سەر حەقیقەتەکان نابینێت۞ چاوی سەر

**پەردەیەکە دراوە بەسەر بینایی مرۆڤدا بۆ ئەوەی بینینی سنوردار بکرێت۞ بەم چاوانە مرۆڤ سەرلێشێوێنراوە۞ تا رابردوو ئێستاو ئایندە لەیەك جیابکاتەوە۞ چاوی سەر یەکێکە لەو هەستە فریودەرانەی کە وایکردووە مرۆڤ بەهۆیانەوە بوون لەئاستێکی مادییدا ببینێت۞ ئەگینا مرۆڤ بەچاوی سەر نابینێت۞ بەڵکو هەوڵدەدات لێیەوە ببینێت۞ تەنها هەوڵدان۞ ئەگینا تا چاوەکانت دابخەیت باشتر دەبینیت۞ تا گوێیەکانت بگریت باشتر دەبیستیت۞ تا هەستەکانت فەرامۆش بکەیت باشتر هەست دەکەیت۞ هەستە ئاساییەکان مرۆڤیان دابەشکردووە۞ لەنێوان سێ زەمەندا۞ کە ئەو سێ زەمەنە ساختەو راستەقینە نین۞**

بەڵکو لەدەرەوەی هەستی ئاساییەوە۞ ئێستا گوزارشتێکی هەڵەیە۞ بەڵکو ئێستا دوێنێیە۞ دوێنێش دەبێتەوە بەئایندە۞ وەك ئەوەی ئێمە ئێستا بە پرۆسەی حەشرو لێپرسینەوەدا بچین۞ مرۆڤەکان پێشتر ژیاون۞ لەم ژیانەیاندا میحنەتی گوناهەکانی ئەو ژیانانەی پێشوویان دەچێژن۞ ژیانی دونیایمان یەکەم پلەی لێپرسینەوەو یەکەم مەقامی حەشرو قیامەتە۞ مرۆڤ لەبیری نایەت کە پێشتر ژیاوە۞ بۆیە واهەست دەکات ئەمە یەکەم پلەو قادرمەی ژیانیەتی۞ لەم مەقامەدا۞ لەمخوار ئاسمانی یەکەمەدا۞ لەم زەمینە نزمەدا۞ مرۆڤ تۆماری ئەو ژیانانەی بۆ لێدەدرێتەوە کە پێشتر تێیاندا ژیاوە۞ لێرە

مرۆڤەکانی ئاسمانی یەکەم دەبینێتەوە۞
وەك چۆن لەقۆناغەکانی تردا۞ دانیشتوان و
ئەهلی ئاسمانەکانی تریش دەبینێتەوە۞
لەم ئاسمانی زەوییەدا۞ هەڵی ئەوەشی
پێدراوە کە داوای لێخۆشبوون لەخودا
بکات۞ گوناهکردن ئاسانەو پاکبوونەوە
ئەستەم۞ هەتا ئەگەر خوای گەورەش
لەگوناهەکانمان خۆش بێت۞ ئەوا وەك
ئەوە نیە یەکمجاربووین۞ وەك ئەوەی
لەسەر لاپەڕەیەکی سپی بنوسیت و دوایی
بیسڕیتەوە۞ راستە لاپەڕەکە دەسڕێتەوە
بەڵام ئایا سپێتیەکەی وەك جاری یەکەمە۞
مرۆڤ ئەگەر ئەمەی بزانیبا۞ بیزانیبایە
چەند رەحمەتە بالاَیی بوون و پاکبوونەوە۞
ئەوا هەرگیز توخنی گوناه نەدەکەوت۞

خودا لەگوناهەکانی مرۆڤ خۆش دەبێت۞
بەڵام گوناهکردن وەك هەورێکی چڵکن
بەسەری مرۆڤەوە دەمێنێتەوەو سێبەری بۆ
دەکات۞ هەرگیز پلەی مرۆڤێك گوناهی
نەکردووەو ئەو مرۆڤەی گوناهی کردووەو۞
خوای گەورەش لێی خۆش بووە وەك یەك
نیە۞ ئەو مرۆڤەی توخنی گوناه ناکەوێت
ئەهلی ئاسمانە۞ ئەوەی گوناه دەکات
ئەهلی زەوی۞ ئێمە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە
بۆ نیشتمانی راستەقینەی خۆمان۞ بۆ
پانتایی ئاسمانەکان۞ دەبێت هەمیشە
شەوان و بەرەبەیانەکان لەخوا بپاڕێینەوە۞
زۆر بەتوندی و ملکەچیەوە بپاڕێینەوەو
بڵێین: خوایە لەسێبەری گوناهدا بچوك و
حەشاردراومان نەکەیت۞ خوای مەزن و باڵا

هەوری گوناه و ستەمکارییەکان لەئاسمانی
دڵ و دەروونماندا ڕاماڵە۞ خودایە
سپێتیمان بۆ بگەڕێنەرەوە۞ سپێتی۞
سپێتیی دڵ و دەروون و نامەی
کردەوەکانمان۞ خوایە سپێتی پێش
گوناهکردنەکانمان بۆ بگێڕەوە۞ خوایە
گیان وەك خوری بەرخۆلەیەکی بەهاریی
دڵمان سپی بکەرەوە۞ سپێتی دڵ و دەروون
و ویژدان۞ بۆ ئەوەی لەو گوناهانەمان
خۆش بیت کە پێشتر کردوومانەو ئێستا
دەیانبینینەوە۞ هەموو ژیانەکانی ئێمە وەك
ئەو قەوالأنەن کەلەناو رەفەیەکدا دانراون۞
ژیانەکانی ئێمەش قەواڵە کراون۞ خوایە
گیان پێش ئەوەی قەواڵەی ژیانمان
ببپێچیتەوە۞ سپی و بێگەردی بکەرەوە.

**ژیانی دونیایی هەلێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ خوای خۆی ئاشتبێتەوە۞ لەگوناهەکانی پاکببێتەوە۞ماڵئاواییش لەو مرۆڤانە بکات کە هێشتا وا بەستەن بەدونیاوەو بەردەوامن لەسەر گوناهەکانیان۞ ئەوانەی کەبەرچاو روون نین و هێشتا ئامازەکانی بەرزبوونەوەیان پێنەگەیشتووە۞ ئەو مرۆڤەی ئامازەکانی بەرزبوونەوەی پێدەگات۞ خوای گەورە نیعمەتی باوەڕی پێدەبەخشێت۞ دەیکاتە ئەهلی تەقواو دانیشتووی ئاسمانە بالآکان۞ ئێمەی مرۆڤی زەمینیی بوونەوەرێکی مێژینەیین۞ بەشێکین لەدێرینی و جارێکی تر گەڕاوینەتەوە بۆ ئەو پنتی خاڵەی لەوانەیە ملیارێك جار بەهەمان**

ئەو پنتەدا گوزەرمان کردبێتەوە۞ وەك هەسارەی گەلاوێژ کە ساڵانە بەو پنت و خاڵانەدا دەڕواتەوە کەپێشتر پێیاندا ڕۆیشتووە۞ بەڵام کاتێك دەیبینیت وا دەزانیت ئەمە یەکەم ژیان و سوڕی یەکەمجاریەتی۞ ئێمەش کە جارێك هاتووینەتەوە ناو ژیان۞ وا دەزانین ئەمە یەکەمینجارە۞ بەڵام خوای باڵا دەزانێت کەلەوانەیە ئەوە دوایین جاربێت بەو پنت و چەقانەدا بڕۆینەوە۞ سەیری جۆگەلەیەك بکە ئاوێکی هێواشی پێدا دەڕوات۞ چەند چیلکەو کۆتەرەیەك بەریان گرتووەو۞ پەنگیان پێخواردۆتەوە۞ بەڵام ئاو وەستان نازانێت بۆیە لەنێو چیلکەو چەوێڵەکانەوە درزە دەکات و۞ لەسەر ئاراستەکەی خۆی

بەردەوام دەبێت۞ ئەگەر بەشێوەیەکی
هێواش تریش بێت۞ ڕۆحی مرۆڤیش وەك
ئەو ئاوە وایە روون و ڕەوانە۞ چیلکەو
چەوێڵی جەستە بەریان پێگرتووەو
ڕەوتەکەیان هێواش کردۆتەوە۞ بەڵام
ڕۆحی ڕەوان وەك ئاوە روونە کە وەستان
نازانێت و بەردەوامە لەسەر ڕۆیشتنەکەی۞
هەر کاتێك جەستە فەرامۆشکرا۞ ئەوا
ڕۆحی مرۆڤ ئازاتر دەبێت لەگەشتکردن۞
وەك ئاوەکە زاڵ دەبێت بەسەر چیلکەکانداو
بەتەوژم دەردەپەڕێت۞ ئەم حاڵەتەش لای
مرۆڤ لەرەوشەکانی خەوتن و تێڕامانی قوڵدا
بەدیار دەکەوێت۞ خەون بینین شتێك
نیە۞ جگە لەوەی مرۆڤ ڕۆحی چالاکتر
دەبێت و بەتەوژمتر بەسەر تۆماری خۆیدا

دەڕواتەوە۞ ئیدی ئەو رۆشتنەوەیە بۆ
پێشەوە بێت یان بۆ دواوە۞ مرۆڤ کە خەون
دەبینێت یان ئەو شتانەی تۆماری ژیانی
دەبینێتەوە کە هێشتا بەجەستە ئەزمونی
نەکردوون و بەرۆح تێیاندا ژیاوە۞ یان بەو
تۆمارانەی پێشتریدا دەڕواتەوە کە بە رۆح و
بەجەستەش ئەزمموونی کردوون۞ خەون و
تێڕامان و چاودێریی هەموو ئەو شتانەی
کەپێیان دەوترێت توانا لەرادەبەدەرەکان۞
شتێك نین جگە لەوە کە مرۆڤ لا بۆ پێشەوەو
بۆ دواوەی خۆی دەکاتەوە۞ ئەو کاتەی بۆ
دواوە لا دەکاتەوە رابردووی دەبینێت و ئەو
کاتەش بۆ پێشەوە لا دەکاتەوە ئایندەی
خۆی دەبینێت۞ مرۆڤ لەنێوان رابردوو
ئایندەدا وەك مووروویەك وایە بەدەزووی

زەمەنەوە کرابێت۞ دێت و دەچێت۞ وەك دانەی تەزبێحێك لەسوڕانێکی بەردەوامدایە۞ ئەوسا کە خەڵکانی شێتبووم دەبینی۞ خەمم بۆ سەرگەردانیی ئەوان دەخوارد۞ بەڵام ئێستا دەبێت من خەم بۆ سەرگەردان بوونی هەموو خەڵکەکان بخۆم۞ هاوکات هەستیش بەوە دەکەم ئەمە هەستکردنە بە بەرپرسیارێتیەك لەبەرامبەر ئەواندا۞ مرۆڤ ناتوانێت دەستەوەسان دابنشێت کاتێك کە ئیدی هەست بەوە دەکات هەموو ئەوانەی لەدەوری دەژین لەناو بازنەیەك لەسەرگەردانیدا دەسوڕێنەوە۞ ئەمە هەستێکی پێغەمبەرانەیە۞ ئەگەرچی هەزاران پێغەمبەر لەسەر بوونی ئەم هەستی بەرپرسیارێتیە بەدرۆ خراونەتەوە۞ هیچ

پێغەمبەرێك نیە درۆزن بێت۞ مادام گەشتبێتە ئەو ئاستە لەبەرچاوڕوونی کە هەستی بە بەرپرسیارێتی کردبێت لەبەرامبەر گەلەکەیدا۞ پێغەمبەرایەتی رۆحێکە دەجوڵێت۞ هەر لەئەوەڵەوە هەتا ئاخیرەت۞ بەجیاوازی ناو و شێوەو جەستەو تەمەن و زەمەنیانەوە۞ پێغەمبەران هەر یەکێکن۞ یەکێکیان بەشێکە لەهەموویەك۞ رۆحێکە دەپەڕێتەوە لەزنجیرەیەکی لێکئالأو و بەیەکگەیشتووەوەدا۞ وەك چۆن هەموو شتەکانی تر دێن و دەچن و دووبارە دەبنەوە۞ پێغەمبەرایەتیش لەدۆخ و سوڕێکی دووبارە بووەوەدایە۞ موحەممەدی ئیسلام دوایین پێغەمبەرە۞

بەڵام ئەو یەکەمین پێغەمبەر نیە۞ ئەگەر موحەممەد وەك دوایین پێغەمبەرێك هاتبێت و چووبێت۞ بازنەی ژیانی و پێغەمبەرایەتی کامڵ کردبێت۞ بەڵام دەبێت دوای دواهەمین چاوەڕوانی سەرەتا بین بێتەوە۞ بۆیە جارێکی تر ڕۆح و هەناسەی پێغەمبەرایەتی دەگەڕێتەوە.

سەرەتا هەر ووشە هەبوو۞ ووشە کەلامی خوا بوو۞ ئەو دەنگە بوو کە بووە شت و بووە بوون۞ خودا بەرچاوی بەندەکانی خۆی ڕووناکدەکاتەوە کە بەبێ چاوی ئاسایی بتوانن حەقیقەتەکان ببینن۞ ئەمە نیعمەتی خوایە لەسەر هەندێك لەبەندەکانی۞ مرۆڤیش تەنها کاتێك بە چاوی جەستەیی و ئاسایی دەبینێت کە ئاسایی بیربکاتەوەو

وابەستە بێت بەسات بەساتی جوڵانەوە
جەستەییەکانیەوە۞ بەڵام کاتێك کە
لەئاستێکی قوڵتر لەبیرکردنەوە رادەمێنێت و
قوڵ دەبێتەوە۞ ئەوا بەچاوێکی تر دەبینێت
کەچاوی ئاسایی نیە۞ ئەوە بینین نیە۞
بەڵکو بەرچاو ڕوونیە۞ مرۆڤیش تەنها
بەچاو نابینێت۞ بەڵکو هەوڵدەدات بەچاو
ببینێت۞ عەقڵ مرۆۋ کەودەن و گەلۆر
دەکات۞ سوپاس بۆ وەحشەت کە
دەگمەنترین ساتەکانی باڵابوونی
پێبەخشیم۞ خوداش وەحشەت تەنها بەو
بەندانەی دەبەخشێت کە لەئەزەلەوە بۆ
ئەرکێکی تایبەت خولقاندوونی۞ ئەمە
وەحشەتە۞بانگهێشتکردنێکی پەروەردگارە
بۆ ئەو دیو سنورو رەهەندە باوەکان۞

درکاندنی نهێنییەکە مرۆڤ لەعەشقی ئیلاهییدا مەست و سەرسام دەکات۞ نەفرەت لەعەقڵ۞ کە کۆمەڵێك خەمی بچووك و هەڵپەی نزم و هاوڕێی درۆزن و بەرژەوەندیخواز لەدەورت کۆدەکاتەوە۞ ئەی خودا بەو عەقڵە بچووکەمەوە چەند سوکایەتیم بەپیرۆزیەکانت کرد۞ ئای چەند ساویلکەو ساوا دەدوام۞ چەند لەناو قەرەباڵغی و هەراوهۆریادا قاڵبووم۞ ئێستا ئەی پەروەردگارم من شایانی هەموو ئەو سەرکۆنەکردنانەم دەرهەق بە مەزنی تۆ کردم۞ بەڵام من بەبێ ئەو هەڵانە۞ بەبێ ئەو سەرکێشی و پڕکێشیانە۞ نەمدەتوانی تۆ بدۆزمەوە۞ خودایە من خۆشحاڵم بەوەی بەگوناهەکانم خۆشەویستیی تۆم بردەوە۞

خۆشحاڵم بەوەی هەست بەنزیکیت دەکەم هەست بەوە دەکەم نزاکانم و نیگاکانم ئاراستەن بۆ زاتێك کەوا کەمتر لەجاران لێم توڕەیە بەڵکو هەست بەخۆشەویستی ئەو دەکەم ڕەنگە وەحشەت هەندێك شتی لەمن سەندبێتەوە هەڵپەکردن بۆ پارە سەرقاڵیی پلەی دونیایی و روپامایی حزبی و سیاسەت و درۆ و قەرەباڵغی ژیان بەڵام من هەمیشە ستایشی وەحشەت دەکەم ستایش بۆ تۆ ئەی وەحشەت کە ئەوانەت لەیاد بردمەوە ئەوانە چیلکەو چەوێڵ و کۆتەرەی بەردەم ژیانی راستەقینەی من بوون.

گوناه لەدەروونەوە دێت گوناه مەخلوقە وەك ئێمە مرۆڤ پێش ئەوەی گوناه

بەکردار ئەنجام بدات۞ گوناه لەدەروونیدا سەوز کراوە۞ مرۆڤ لەگەڵ گوناهدا گەورەبووە۞ ناتوانێت گوناه نەکات۞ بۆیە هەر دەبێت مرۆڤ کەمێك لەمرۆڤایەتیی خۆی سەربکەوێت۞ تا بتوانێت بەرەنگاری گوناهەکانی بێتەوە۞ ئێمە پێویستمان بەکەمێك باڵابوون هەیە۞ تا بتوانین جەستەی لەگوناه گەوزاومان لەئاوی پەرستش و ستایش هەڵکێشین و پاکبینەوە۞ مرۆڤ کەوتۆتە سەر باری گوناهکردن۞ ئەوەی گۆناهێکی کردبێت۞ هەمان ئەو گوناهە دەکاتەوە۞ ئەگەر سەد جاری تر بمرێت و زیندووبێتەوە۞ ئەوەی زینای کردبێت هەر زینا دەکاتەوە۞ ئەگەر سەد جاری تر بێتەوە سەر ئەم زەمینەو کۆچ

بکاتەوە۞ ئەوەی دزی کردبێت هەر دزی
دەکاتەوە۞ چونکە دزی و زیناو
خراپەکاریی پێش ئەوەی کردار بێت لەناو
دەرووندا ماڵی کردووە۞ ئەوەی نێربازیی
بکات هەر نێربازی دەکاتەوە۞ ئەم کەسانە
سووتەمەنی و خڵتەی هەمیشەیی
دۆزەخن۞ ئەوەی زینا دەکات پێشترو
لەژیانەکانی تریدا زینا لەگەڵ خۆی۞ یان
دایکی کراوە۞ یان باوکی زیناکاربووە۞
مناڵی زینا هەر ئەهلی زینا دەبێت۞ ئەوەی
زیناکار بێت۞ هەر زیناکار دەبێتەوە
بەهاوسەری۞ چ ژن و چ پیاو۞ ئەوەی
مرۆڤ کوژبێت۞ هەر مرۆڤ دەکوژێتەوە۞
ئەوەی بکوژێت۞ یان هەر بکوژ دەبێت۞
یان دەکوژرێتەوە۞ ئەوەی ئێستا خۆی

دەکوژێت۞ پێشترو لەژیانەکانی تریدا چەندین جار خۆی کوشتۆتەوە۞ چەندین جار بێتەوە ناو دونیا هەر خۆی دەکوژێتەوە۞ چونکە گوناه کردارەو کرداریش پەرچەکردارە۞ ماڵی گوناه لەناو دەرووندایە۞ ئەمە دەیمومەی ژیان و چارەنووسی ناچاریی مرۆڤەکانە۞ تاکە رێگایەك بۆ دەربازبوون لەم کەندەڵانە۞ دەرچوونی مرۆڤە لەدەروونی خۆی۞ مرۆڤ بۆ ئەوەی لەگوناهەکان رزگاری بێت دەبێت لەدەروونی خۆیەوە کۆچ بکات۞ کۆچکردن و هەڵهاتن لەهەموو بازنەکانی بێباوەڕیی۞ کۆچ لەدەروون و۞ کۆچ لەماڵ و۞ کۆچ لەهاوڕێیان و۞ کۆچ لەخۆشەویستان و۞ کۆچ لە وڵات۞ کۆچ ژیانە۞ با جارێکی

تر ژیان بگۆڕینەوە بەکۆچ۞ کۆچ بکەین بۆ لای خودا۞ کۆچ گەشتی باوەڕداریی و ژیانی هەمیشەییە۞ کۆچی ئادەم و کۆچی نوح و کۆچی لوت و کۆچی ئیبراهیم و ئیسماعیل و یەعقوب و یوسف و موساو عیساو موحەممەد۞ هەموو ئەمانە کۆچن بۆ هەڵهاتن لەو بازنانەی کە تێیاندا گوناه سوڕی خۆیی وەرگرتووەو تێیاندا دووبارە دەبێتەوە۞ بۆ هەڵهاتن لەگوناه و چوون بەرەو ئازادیی و۞ سەرفرازیی هەمیشەیی۞ پێویستە مرۆڤ وەرچەرخانێك لەژیانیدا دروست بکات۞ بۆ ئەوەی بچێتە ناو بازنەیەکی دیکەوە۞ بالآتر لەبازنەی دەروونی خۆی۞ دەبێت مرۆڤ بچێتەوە ناو بازنەکان۞ ئەمەش بەمانا بنچینەییەکەی

واتە قەڵمبازو چوونە سەر ئاراستەیەکی ترو پاشگەزبوونەوەیە لەوەی ئێستا لەسەرێتی۞ مرۆڤ یان دەبێت لەم دۆخەدا بۆ هەمیشەو هەتاهەتایە بمێنێتەوە۞ یان دەبێت قەڵەمبازێك بداتە ناو بازنەکانی تری ژیانی گەردونیەوە۞ ئەم ژیانە گەردونییە ئاستێکی بالآیە۞ بالآتر لەئاستی دەروونیی مرۆڤ۞ مرۆڤ دەبێت کەمێك لەئاستی مرۆیی خۆی بەرزبێتەوە۞ ئینجا دەتوانێت بەنیعمەتی باوەڕ ئاشنا بێت و۞ بێتە سەر ڕەوت و ڕێبازەکەی۞ هاتنە سەر مەزهەبی قەڵمبازیی۞ کە مەزهەبی منە.

هێڵەکان بەڕێکی دەڕۆن۞ تا ئەو شوێنەی کە ئیدی دەبێت بچەمێنەوە۞ هەموو شتەکان لەم جیهانەدا تا ئاراستەیەك ڕێك

دەچن و دواتر روو لەچەمانەوە دەکەن۞ چەمانەوەکان پنتی قەدەرەکانن۞ هێڵەکان چەمانەوەکان پێکدەهێنن و۞ چەمانەوەکانیش بازنەکان۞ بازنەکانیش ئاستەکانی ژیان۞ بازنەکان یەکتری دەبڕن و بەهۆیانەوە تانوپۆکانی شوێن و کات رووداوەکان دەخولقێنن۞ هەر روداوێك کە دەخولقێت ئەنجامی یەکتربڕینی شوێن و کاتە۞ ئەگەر بازنەکانی پانی۞ بۆ نمونە۞ بشوبهێنین بە هێڵە بازنەییەکانی شوێن و۞ هێڵەکانی درێژیش۞ بۆ نمونە۞ بە هێڵەکانی کات۞ ئەوا هەر پنتێکی یەکتربڕینی ئەو دوو بازنانە۞ لەبچوکترین مەوداو دووریدا تا گەورەترین مەوداو دووریی۞ پنتی ئەو رووداوانە

پێکدەهێنێت کە ڕۆژانە لەشوێنەکان ڕوودەدەن۞ هەر روداوێك ڕوودەدات دەبێت ڕووبداتەوە۞ مادام ئەگەری ئەوە هەیە لەزەمەنێکی تردا هەمان بازنەکانی شوێن و کات لەهەمان پنت و خاڵدا یەکتری ببڕنەوە۞ مرۆڤ لەڕۆژێکدا کە چەند جار نوێژ دەکات و دەپاڕێتەوە۞ ئەوا بازنەیەك کاملٚ دەکات و لەهەموو پنتەکانی چەمانەوەی ئەو ڕۆژەدا ئامادەیی دەبێت۞ بۆیە ئەنجامدانی نوێژەکان لەڕۆژێکدا لەلایەن باوەڕدارێکەوە۞ زەمانەتی ئەوەی بۆ دەکات لەزەمەنێکی تردا ئەو نوێژانە ئەنجام بداتەوە۞ ڕەنگە ئەمە حیکمەتی ئەنجامدانی نوێژکان بێت لەڕۆژێکدا۞ هەروەها لەهەر شوێنێکدا چاکەت کردبێت لەهەمان ئەو

شوێنەدا جارێكی تر چاكە دەكەیتەوە۞
لەهەر شوێنێكدا گوناهێكت كردبێت لەهەمان
ئەو جێگەیەدا پێشتر گوناهت كردووە یان
گوناه دەكەیتەوە۞ لەهەر شوێنێك زینات
كردبێت یان لەو شوێنەدا پێشتر زینات
كردووە یان لەو شوێنەدا جارێكی تر زینا
دەكەیتەوە۞ بەو شێوەیە بۆ هەموو
كردەوەكان۞ چونكە هیچ كردەوەیەك
لەخۆیدا كارێكی سەربەخۆ نیە۞ هەموو
كردەوەیەك بۆ خۆی ئەڵقەیەكە لەنێوان دوو
ئەڵقەی تردا۞ چونكە خاڵی یەكتربڕینی
شوێن و كات جارێكی تر لەهەمان شوێندا
ڕوودەداتەوە۞ ئەنجامدانی نوێژی بەكۆمەڵ
وا دەكات لەگەڵ هەزاران و ملیۆنان كەسدا
ئەو بازنەیە كامڵ بكەیت۞ وێنەی كەعبەی

پیرۆز بێنە بەرچاوی خۆت لەکاتی نوێژێکی بەکۆمەڵدا۞ بزانە چۆن ئەو بازنە گەردونییە کامڵ دەکرێت۞ سەیری بازنەکانی نوێژخوێنان بکە۞ بزانە چۆن لەدەوری ماڵی خوا هەمان شێوەی ئەو ئەلەکترۆنانە بەرجەستە دەکەن کەلەدەوری ناوك دەسوڕێنەوە۞ پرۆسەی ئەنجامدانی نوێژێکی بەکۆمەڵ لەسات و شوێنی خۆیدا۞ بەرجەستەکەری رەوشی گەردیلەیەکە کە بە هاوسەنگی بەدەوری ناوکەکەیدا دەسوڕێتەوە۞ ژیان لەبچوکترین گەردیلەیدا۞ تا گەورەترین وێنەی بەرجەستەی۞ هاوشێوەو لێکچووە۞ بەڵکو ژیان گەردیلەیەکە کە هەزاران بلیارجار

گەورە کراوەتەوە۞ ژیان نیگارێکی دەستەچنی دەست خوای زاناو کاربەجێیە.
خوای مەزن لەهەفتەیەکدا گەردوونی دروستکرد۞ هەفتە سوڕێکی بچوککراوەی تەمەنی گەردوون و زەوی و مرۆڤیشە۞ لەهەفتەیەکدا مرۆۋ جارێك ژیانی کامڵ دەکات۞ بۆیە هەفتە نمونەی بچووکراوەی ژیانتە۞ هەوڵبدە لەرێگەی چاودێریکردنی هەفتەیەکی ژیانتەوە۞ چاودێریی هەموو ژیانت بکەیت۞ لەدوای نوێژی هەینیەوە۞ وا هەست بکە یەکەم ساتەوەختی ژیانت جارێکی تر دەست پێدەکاتەوە۞ لەنوێژی بەکۆمەڵی هەینیتدا هێندە لەخوا بپاڕێرەوە کە ئیدی بێگومان بیت لەوەی خودا لەگوناهی هەفتەی رابردووت خۆش بووە۞ هەرچەندە

مرۆۋ ئەگەر نوێژەکانی هەینی بەکۆمەڵ بەئەنجام بگەیەنێت۞ ئەوا خوای گەورە بەڵێنی ئەوەی پێداوە لەگوناهی ژیانە بچکۆلانە هەفتەییەکەی خۆش بێت۞ وادابنیٚ تەمەنت هەفتەیەکە۞ لەماوەی ئەو هەفتەیەدا چاودێریی خۆت بکە۞ لەهەر رۆژێکدا تووشی موسیبەتێك بوویت۞ یان توشی گوناهێك بوویت۞ یان هەستت بەبێزاری و دڵتەنگی کرد۞ دەروونت ئاڵۆز بوو۞ وا بکە ئەو کات و ساتانە لەیاد نەکەیت۞ چونکە پێدەچێت هەمان ئەو گوناهانە لەهەفتەی ئایندەدا یان هەفتەکانی ئایندەدا بێنەوە ڕێت۞ بۆیە لەهەفتەکانی تری ژیانتدا لەو ساتانەدا کە تێیاندا لەژیان و کردەوەو کردارو دەروونی خۆت ڕازی

نەبوویت۞ تێیاندا لەخوا بپاڕێرەوە۞ هاوکاری کەسێك بکە۞ ئیدی بەهەر رێگەیەك گونجاو و شیاو بوو۞ چاکەیەك لەو کاتەدا بکە و داوای لێخۆشبوون لەخودا بکە۞ داوا بکە لەخوا ئەو ساتە بێئومێدکەرو نائارامانەی ژیانت بگۆڕێت بەسات و کاتێکی پڕ لەچاکەو خێرو خۆشی و بەرەکەت۞ دەستەکانت بۆ ئاسمان بەرز بکەرەوە۞ خودا دەستە بەرزبۆوەکانی خۆش دەوێت۞ بپاڕێرەوە لەخودا۞ خودایە.. ئەی پەروەردگاری من .. ئەی بەدیهێنەر.. ئەی چاودێری بوونەوەر.. ئەی دەستپێکەرو ئەی کۆتایی پێهێنەر۞ ئەی زاناو کاربەجێ۞ ئەی دادپەروەرو دادگەر۞ بەهەموو ناوە پیرۆزەکانت و

بەهەموو سیفەتە بەرزەکانت۞ بەهەموو دەسەڵاتەکانت لەئەرزو ئاسمانەکاندا۞ لێت دەپرسم و لێت دەپاڕێمەوە۞ لەگوناهەکانم خۆشبە۞ لەهەفتەی ئایندەی ژیانمدا ئەگەر تۆ خواستت لەسەربێت و بمێنمەوە۞ داواکارم لێت ئەو گوناهانە نەهێنیتەوە ڕێگەم کە هەفتەی ڕابردوو ئەنجاممدان۞ خودایە لەبچوکترین گوناهەوە تا گەورەترین گوناهێك کە ئەنجامم دابێت۞ لێیان پەشیمانم و داوای لێ خۆش بوونت لێدەکەم۞ خوایە وێستگەکانی تاوان لەژیانمدا بگۆڕە بەچاکەو بە پەرستش و بەنوێژەکان۞ خوای مەزن و باڵادەست۞ لەبری هەر خاڵێکی گوناه کە لەدڵمدا دروست بووە۞ گوڵێکی چاکەو پەرستش و تۆناسیی بڕوێنە۞ خوایە

بمبەخشە بەگەورەیی و مەزنی خۆت و۞
ژیانەکانی ئایندەم۞ هەفتەکانی ئایندەم بە
باوەڕداریی و خۆشەویستی تۆ
بڕازێنەرەوە۞ خوایە گیان ئاگات لەمن
بێت۞ بەڵێن بێت یادی تۆ فەرامۆش نەکەم
و تۆش منی بەندەی خۆت فەرامۆش مەکە۞
خوایە سەرگەردانم مەکە۞ لێم خۆشبە۞
تەنها پێویستم بەلێخۆش بوون و لوتف و
بەزەیی تۆ هەیە۞ خوایە گیان.

ستایش بۆ تۆ ئەی خودای باڵاو خاوەن
سیفەتە بەرزو جوانەکان۞ بەو سیفەتە
بەرزانەت بەهرەدارمان بکە۞ دوورمان
بخەرەوە لەو کردەوانەی کە تێماندا دەبنە
سیفەت۞ ئەو سیفەتانەی کە دەبنە
شوناسی راستەقینەو بنچینەییمان۞

خودای مەزن بەرزمان بکەرەوە بۆ ئاستی سیفەتە جوانەکانی خۆت۞ بۆ ئەوەی بەو سیفەتانەمان خودی راستەقینەی خۆمان بدۆزینەوە۞ ئێمەیەکی سەرلێشێواو کە دڵمان بە جەستەو پەیکەری فانیمان خۆشە۞ کە جەستە هەڵگریی هیچ بەهاو ماهیەتێك نیە۞ جەستە چارەنوسی دەبێتەوە بەخۆڵ و دەبێتەوە بەسروشت۞ بەلاٌم ئێمە وەك سیفەت و وەك رۆح قوتارمان نابێت۞ کردەوەکانمان کە بوونەتە سیفەت تێماندا بەدوای رۆحمان دەکەون۞ سیفەتەکان دەبنەوە بەجەوهەری ئێمەی مرۆڤ۞ کردەوە خراپەکانمان دوای مردنیشمان دوای رۆحمان دەکەون و لێمان نابنەوە۞ ئێمە دەبینە گیرۆدەی دەست

کردەوەکانمان کەلەدونیادا کردومانە۞
کردەوەی خراپ دەکەین و بەجێیان
دەهێڵیین۞ گوناه دەکەین و فەرامۆشیان
دەکەین۞ وەك تۆوێك بیکەیت بەزەویەوەو
سبەینێ سەوزبێتەوە۞ ئەو گوناه و
کردەوانەمان بۆ هەمیشە دەمێننەوە۞
رۆحمان جارێکی تر لەسەر بنچینەی ئەو
کردەوانە وێنامان دەکەنەوە۞ ئێمە کە
بەرجەستە دەبینەوە۞ رەنگە لەپەیکەرێکی
دیکەدا ببینەوە۞ بەڵام هەڵگریی هەمان
سیفەت و کردەوەکانمان دەبینەوە۞ جەستە
گۆڕاوە بەڵام رۆح هەمان رۆحی
پێشوومانە۞ مرۆڤ ئەگەر کەسێکی
خراپەکارو گوناهباربێت۞ هەمان کردەوەو
سیفەتی خراپەکارانە لەرۆحیدا دەمێنێتەوەو

درێژدەبێتەوە بۆ ناو هەموو ژیانەکانی تری۞ مرۆڤ لەسەر بنچینەی سیفەت و کردەوەکانی بەرجەستە دەبێتەوە۞ جەستەی مرۆڤ فریودەرو فانییە۞ رۆحی دەبێتەوە بەسەرچاوەی خۆشی و ناخۆشیەکان۞ مرۆڤ بەجەستە گوناه دەکات و چێژ لەخراپەکارییەکان وەردەگرێت۞ بەڵام بەرۆح ئازار دەچێژێت و گیرۆدە دەبێت۞ بۆیە دەبێت هەمیشە ئاگامان لەکردەوەکانمان بێت کە دەبنەوە بەسیفەت تێماندا۞ بەمرۆڤی خراپەکار یان چاکەکار بەرجەستەمان دەکەنەوە۞ ئەبێت لەم دونیایەماندا مرۆڤ حساب بۆ هەموو کردەوەو رەفتارەکانی بکات۞ پێویستە بەگوناهەکانماندا بچینەوەو

بیانگۆڕین بەچاکە۞ چونکە کردەوەی چاك مرۆڤی چاك بەرجەستە دەکاتەوەو۞ کردەوەی خراپیش مرۆڤی خراپ بەرجەستە دەکاتەوە۞ ئەو مرۆڤە خراپانەی کە خوای مەزن دەرگای ئاسمانەکانیان لێناکاتەوەو۞ فریشتەکان پێشوازیان لێناکەن۞ لەزەویدا دەمێننەوەو رۆحیان لەناو زبڵدانی کردەوە خراپەکانیاندا جارێکی تر وەك پەلکە گیای ناو سەرەنوێلك سەر دەردێنێتەوە۞ ئەم رۆحە خراپانە مایەی هەموو شومیی و کارەسات و سەرگەردانیەکانی سەر زەوین۞ بۆیە مرۆۋ ئەو کاتەی کە ماڵەکەی خۆی لەخاشاك و پیسی پاکدەکاتەوە۞ پێویستە سەرەنوێلکەکانیش پاکبکاتەوە۞ مرۆۋ نابێت تەنها خۆی بەچاك و پاك ڕابگرێت۞

بەڵکو پێویستە هەوڵبدات پیسی و خاشاکی کۆمەڵگەش پاکبکاتەوە مرۆڤ لەناو سەرەنوێلکی کردەوە خراپەکانیدایە ئەو کردەوانەی بوونەتە سیفەت و بوونەتە مەخلوقێکی بەرجەستەو بوونەتە سەرچاوە بۆ گیانی هەزاران مرۆڤی خراپەکارو شەرانگێز مرۆڤ رۆژ بەرۆژ لەناو خراپەکارییەکانیدا نوقم دەبێت مادام بەجەستە گوناه دەکات و وا دەزانێت رۆحی پاك و بێگەردو بەدوورە بەلاّم حەقیقەت ئەوەیە کە مرۆڤ بەجەستە گوناه دەکات کەچی رۆحی بەرپرسیارەو باجەکەی دەدات مرۆڤ بەگوناه رۆحی بچوك دەبێتەوەو دەروونی قەبەو زل دەبێت جەستە هیچ نیە جگە لەوێناکردنەوەیەکی

مرۆڤ بۆ خۆی لەسەر بنچینەی کردەوەو سیفەتەکانی پێشووی۞ بەڵکو لەبنچینەدا مرۆڤ هەر سیفەتە.

نوسینی سەر بەرگی دواوە

یاساکانی جیهانی مادە، ئەوانەی عەقڵ دانیان پێدادەنێت، تەنها تیل نیشانێکن بۆ ئەوەی لەجیهانی میتافیزیادا دەگوزەرێن، فیزیا جیهانی بەرجەستەبووی

میتافیزیایـــەی، میتافیزیـــا جیهـــانی راســـتەقینەو بنچـــینەییە، مـــادە روپۆشـــی ســـەر جیهـــانی رەهـــاو نـــا مادییە، ئەو بەرزەخەی مرۆڤ لەجیهانی رۆح جیادەکاتەوە مادەیـــە، کاتێـــك رۆح بالأدەبێـــت کـــە جەســـتە(مادە) روبەروی شکست دەبێتەوە، دەستگەیشتن بـە مەعریفـە میتافیزیکیەکان لەرێگەی ئەو شکستانەوە دەبێت کـە تێیانـــدا جەســـتە تائەوپـــەڕی فـــەرامۆش دەکرێـــت، پێغەمبەرایەتی بەڵگەی شکستی مرۆڤـە تاسـەر زەوی، تا بوار بدرێتە رۆح بۆ ئەوەی بەگورێکـەوە هەسـتێتەوە، کـەبتوانێت بگاتـەوە بـەرۆحی پـاك و بێگـەردو بـالأ، بگاتەوە بەخودای مەزن، بەرۆحی ڕەوان.